**وەزیری دەرەەی نەمسا وەلام بە نامەکەی کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال دەداتەوە**

**هەورک ئاگادارن کە ماوەیەك لەمەوبەر کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال نامەیەکی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی نەمسا کرد لەپەیوەند بە کیشەکەی دکتۆر کەمال ... کە لەم رۆژانەدا بە نامەیەکی رەسمی وەلامی کەمپەین دراوەکە کە ئیمە دەقی نامەکەتان لیرەدا دەخەینە بەردەست لەگەل راپورتیکی سەفیری نەمسا لە بەغداد .**

**کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال / دەستەی سەرپەرشتکار**

بەڕێز ڕێبوار عارف،
سەبارەت بەو نامەیەی کە تۆ لە بەرواری 9 ی ژانیوەری 2006 دا نووسیبوت، دەمەوێت دڵنیاتبکەمەوە کە دەوڵەتی نەمسا هاوبەشە لەگەڵ نیگەرانیەکانی تۆ سەبارەت بە چارەنوسی دکتۆر کمال کریم. هەر بۆیە وەزیری دەرەوەی نەمسا بەردەوامە لە هەوڵەکانی خۆیدا بۆ ئازادکردنی دکتۆر کمال کریم هەر لە ڕۆژی دەستگیریکردنەکەیەوەو لەسەر هەوڵەکانی خۆشی بەردەوام دەبێت.
وەزیری دەرەوەی نەمسا نامەی ناردووە بۆ هاوکارە عێراقیەکەی (واتە وەزیری دەرەوەی عێراق) و نیەگەرانی خۆی بۆ دەربڕیوە لە سەر ئەو دادگاییکردنە دژ بە دکتۆر کمال کریم. هەروەها نوێنەری تازە دانروای سەفارەتی نەمساوی لە بەغداد ئەم کێشە گرنگەی گەیاندووە بە بە وەزارەتی دەرەوەی عێراق و بەردەوامیش دەبێت لە هەوڵی چالاکانەی خۆی بۆ ئازادکردنی دکتۆر کریم. مانگی ڕابردووش، بەرپرسێکی فەرمی نەمسا سەردانی دکتۆر کمال کریمی لە زینداندا کردووەو وا بڕیارە کە سەردانێکی تریش بەم زووانە ئەنجام بدرێت.

لەگەڵ سڵاوی

هێلموت کۆلەر
وەزیر
ڤییەننا
21ژانیوەری 2006

---

**ڕوونکردنەوەی سەفیری نەمسا لەبارەی کێشەکەی د. کەمال سەیدقادر**

**هەواڵ**

**2006-02-02**

**ئەو کارەساتەی کە لە هەولێر ڕوودەدات، شتێکی زۆر شێتانەیە**

**بۆ زانینی ئێوە من ئێستا لە نەمسام، هەفتەیەکە لە ڤییەنام .سبەینێ بەرەو کوەیت دەڕۆم، ڕۆژی چوارشەممە دەچمەوە بۆ بەغداد . هەروەها لە کاتێکدا من لە نەمسا بووم، لەسەر کێشەکەی د. کەمال هەر ڕۆژە دە تێلەیفۆنم بۆ هەولێر دەکرد . ئەو کارەساتەی کە لە هەولێر ڕوودەدات، شتێکی زۆر شێتانەیە . بەڕاستی وادیارە نایانەوێت بەو زووانە د. کەمال ئازاد بکەن . هوشیار زێباری ڕۆژی چوارشەممە تێلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم کە د. کەمال ئازاد بووە . من دوو جار پرسیارم لێکرد : مەبەستتان ئەوەیە کە ئایا ئێوە د. کەمالتان ئازاد کردووە ؟ . لەوەڵامدا وتی : بەڵێ وایە ئازاد بووە . وەزیرێکی تری عێراقی ، بەرهەم ساڵحیش ئەو خەبەرەی پشت ڕاستکردەوە، بەڵام پاشان ئێمە ئاگادار بووین کە د. کەمال ئازاد نەکراوە . ئێمە وەکو دەوڵەتی نەمسا، بە ئەمریکاو بەرتانیامان ڕاگەیاند، ئەو دەسەڵاتدارانەی بە ئێمەیان گوتبوو کە ئەوان د. کەمالیان ئازاد کردووە، بەڵام مخابن ڕاست دەرنەچوو . وە هەروەها، ئەمریکاو بەریتانیا لە ڕێگای سەفیرانی خۆیانەوە تێلەفۆنیان بۆ ئەربیل کردبوو . لەوەلامی ئەوانیشدا وتبوویان د . کەمال 3 مانگ لەلای ئێمە زیندانی بووە ، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئێستا زیندانی نییەو ئازاد کراوە . بەو ووشانە ویستویانە قەناعەتمان**

پێبکەن کە د. کەمال ئازاد بووە، بەڵام تا ئێستا د. کەمال لە زینداندایە . باوەڕ بکەن هەرچی لە توانای مندا هەبێت کردوومە، دەیکەم و هەروەها بەردەوامیش دەبم . تکایە بە بنەماڵەی د. کەمال و خوشکەکانی د. کەمال بڵێن کە ئەو شتانە شەرم و عەیبێکی زۆر گەورەیە بۆ هوشیار زێباری وەک وەزیری دەرەوەی عێراق کە خۆی لەگەڵ زیندانیکردنی د. کەمالدا نییە . لەبەرئەوەی کە ئەویش پێشتر لە دەرەوەی عێراقدا ژیاوە و زیندانیکردنی د. کەمال بەشەرم دەزانێت . دڵنیام کە ئەویش هەوڵدەدات بۆ ئازادکردنی د. کەمال .

لەگەڵ گەرمترین سڵاومدا

Gudrun Harre

سەفیری نەمسا لە بەغداد

2006 / 1 / 29